# ئایینی بودی یاخود بودیزم

پیاوێک لە ناڵین

لە پاکی

لە خەیاڵ

لە میهر

لە حەز

لە نور

پیاوێکی بلیمەت !



سارا عومەر، دانیمارک

Xozga86@hotmail.com

گومانی تێدا نییە، کە گشت دروستبوونێک لەم سەرزەمینەدا هۆکارێکی تایبەتبخوازی خۆی هەیە، ئەمەش چ لە بواری کۆمەڵایەتیدا بێت یاخود مەزهەبی، کە ئێستا و لەم کات و سەردەمە دژوار و ناهەمووارەی ڕۆژگاردا زۆربەی وڵاتان و مرۆڤەکانی سەردەم پێوەی دەناڵێنن و هەندێکیشیان ئەوەی لە پەڕتووکە ئایینییەکاندا نەنوسرابێت بگرە ئەنجامی نادەن و زۆر بەچاوێکی هەڵە و خواروخێچەوە لە بەرانبەر و وڵاتانی دەوروبەریان دەڕوانن. بەڵام ئایا هەموو ئاینخوازێک بەو شێوازە بیر دەکاتەوە و خاوەنی ئەو جۆرە ئایدۆلۆژیایەیە؟ !!!

لێرەدا من بەشبەحاڵی خۆم ئەتوانم ڕێگا بە خۆم بدەم و بڵێم نەخێر، خۆ بوداش ئاینخوازێکی

سروشتی بوو، بەڵام لە کرداری جوان و بیرکردنەوەی زانایانە بۆ تێگەیشتن لە خود زیاتر خراپەی لە پاشخۆی بەجێنەهێشت!

دەخوازم ڕاستەوخۆ بچمە ناو گۆشەی لێدوانەکەوە و لە ڕێگەی پێنوسەکەمەوە تیشکێک بخەمە سەر ئایینێک، کە پێدەچێت زۆربەی زۆرمان ناوبانگیمان بیستبێت، بەڵام گومانم هەیە لەوەی، کە ئاستی شارەزاییمان دەربارەی زۆر بەهێز بێت. یاخود دوورنییە کێشەکانی تری ژیان ڕێگای نەدابێت سەرێک بکەین دیوەخانی دینێکدا، کە لە ڕاستیدا نە لەسەر بنەمای پێنج فەڕزە پەیوەستە و نە بە جەنگ و زەبری شمشێر و مۆڕەو خۆ گرژکردنەوە و زیندە بەچاڵکردنی یەکدی چارەسەری بۆ کێشەکانی دۆزیوەتەوە! لەلایەکی تریشەوە هەرگیز ڕێگای بەوە نەداوە، کە شکۆمەندێکی لەپێناودا لە خاچ بدرێت و وەک کیسەی پاشەڕۆ و پەڕۆی شڕ، بەپێش چاوانی دنیاوە، بە چەند پارچە تەختەیەکی مرۆڤکوشتەدا بەرزبکرێتەوە و بە یاریدەی پۆڵا و  چەند کەرەستەیەکی بێمانا و بێتامەوە خوێنی بگوشرێت، کە ئەمەش  هەتا سەر ئێسقان و هەتا خودا پێی ناخۆشبێت سوکایەتی کردن بە مرۆڤە!

بەدەر لەم نیشانانە ئەو سروشت پەرست بووە، ئەو ڕێزی مرۆڤی بە یەکەم پلەی ژیان سەیرکردووە و لە ڕاستیدا ئەو نەک مرۆڤەکانی خۆشویستووە، بەڵکو سروشتیشی لا پیرۆز بووە. کڕنووش بردنیش بۆ سروشت فێری مرۆڤەکانی کردووە، کە لێبووردنیان هەبێت و بەدەر لە ڕق و کینە بژین! ئەم ئاینەش پێیدەوترێت  ئایینی بودی، یاخود بودیزم.

پەیکەری بودا،  لە کیشوەری ئاسیا لە یەکێک لە پارکەکانی شاری (سوکۆتای) وڵاتی تایلاند دروست کراوە و ڕۆژانە بە لێشاو خەڵک بەسەری دەکاتەوە.



### ئایینی بودی یاخود دەتوانرێت بوترێت بودیزم :

ئاینی بودی چەند سەدساڵێکە یەکێک بووە لە سەرکەشترین دابونەریتی ڕۆحی، گیانی و هەستی مرۆڤی لە زۆربەی وڵاتەکانی کیشوەری ئاسیادا وەک؛ هیندۆچینی، کە لاوس و کامبۆجیا و ڤێتنام دەگرێتەوە، بێجگە لەم وڵاتانەش لە سریلانکا، تیبت، چین، کۆریا و ژاپۆن زۆر ڕۆڵێکی باڵای هەیە. ئەم ئایینە مەزنەش هێندەی ئایینی هیندی، کە پێی دەوترێت (هیندویزم) و لە ناوچەکانی هندستاندا زۆر باوە، کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر هەست و شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ڕۆحی دانیشتوانی ئەو وڵاتانە. دینەکە ڕۆڵی باڵای خۆی بینیوە و چەندان دانیشتووانی وڵاتەکانی کیشوەری ئاسیا و دەوروبەری بۆخۆی ڕاکێشاوە.

ئایینی بودی کاریگەرییەکی ئێجگار سەختی هەبووە لەسەر بژێوی ڕۆژانەی مرۆڤی ناوچەکان و بەم شێوازەش ئێستاکێ گرنگییەکی تایبەتی پێدەدرێت چ لەڕووەکانی وەک ڕۆحی، کەلتووری و ڕۆشنبیری وە لە ڕوی نەشونما کردنی بەرەوپێشچونی هونەری ئەو وڵاتانەی بەم ئایینەوە پەیوەستن.

ئایینی هیندۆیزم و بودیزم زۆر جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ یەکدیدا ئەوە نەبێت، کە ئایینی بودی داهێنەری تایبەت بەخۆی هەبووە.

### بناغەدانەری ئایینی بودی :

بناغەدانەری بودی شازادەیەک بوو لە باکوری هندستانەوە سەریهەڵدابوو لە نزیکەی ساڵەکانی 500 ی پ.ز. ئەم کەسایەتییە بەچەند ناوێک بانگ دەکرا لەوانە (سیدهارتە گەوتاما وە گۆتاما). دیارە ئەم مرۆیە هەر لە تەمەنی 21 ساڵییەوە هەتا 28 ساڵی، واتا حەوت ساڵی ڕەبەق لەنێو

دارستانێکی چڕو تاریک و تەماوی و زۆر دوور لەشارەکەی خۆیەوە، لەپەنا دارێکدا و لە بێدەگییەکی ئارامدا بەبەردەوامی کاتەکانی بەسەربردووە. لەو کاتانەدا شازادە سیدهارتە دادەنیشێت و بیردەکاتەوە لە ژیان. دیارە زۆر سەرقاڵی چۆنێتی هێمن ڕاگرتنی بیر و باوەڕ و مێشکی مرۆڤبووە و بۆ وەڵامی پرسیارگەلەکانی ئەو دارستانەی هەڵبژاردووە. تا دەگاتە ئەو ئاستەی، کە توانای داهێنانێکی دینی نوێی دەبێت. بۆیە لە کاتەکانی بێدەنگی و دانیشتنی لە دارستانە چۆڵەکەدا، دانیشتوانی وڵاتەکە ناوی لێدەنێن (بودا) هەر لەبەر ئەو نازناوەشە ئایینەکە بەرزڕادەگرن و ناوی دەنێن بودیزم یاخود ئایینی بودی.

کاتێک بودا دەگەڕێتەوە ناو خەڵکەکە، باسی ئەوەیان بۆ دەکات، کە دینێکی دی بەڕێوەیە. دیارە لەو سەردەمەدا ئەو لە تەمەنی 28 ساڵاندا دەبێت. بودا هێندە پیاوێکی بە هەیبەت و دڵساف و قسەزان بووە، هەردەم چواردەوری پڕبووە لە خەڵکی هەمەچەشن. لەو سەردەمەدا ئەو یەکێک بووە لە کەسایەتییە هەرە پسپۆڕ و شارەزاکان. لەگەڵ ئەوەشدا کابرایەکی هێندە لەسەرخۆ و گوێڕایەڵ بووە،تەنانەت خۆی بە بچوکی هەموو بوونەوەرێک داناوە و بەبێ لەخۆ غرور بوون و خۆ بە گەورە زانین ژیاوە. بودا ئەو نورانییە جوانەبووە، کە لەکاتی ئاخافتن و ڕوونکردنەوەی ورددا توانیویەتی لە ڕێگای جوڵاندنی دەست و سەربادان زمانی کەڕولاڵ و ئیشارەت، بۆ شیکردنەوە و شیتەڵکردنی هەر بابەتێکدا هەموو کەس لەخۆی تێبگەیەنێت. ئەمەش خۆی لە ڕاستیدا بەهرەیەکی یەزدانییە و زۆر کەس نییەتی. لە هەمان کاتیشدا ڕێزی لە زۆربەی بۆچونە جیاجیاکانی چواردەوری گرتووە. ئەو دژی مرۆڤی دەمارگیر و بێ سەبر بووە. یەکەم نوقتەی دروستبونی زیندەگی لە سەبرەوە بینیوە. وەک ئاشکراشە، کە چەند ساڵ لە پاش کۆچکردنی بودا و لە ساڵەکانی 1870 کاندا لەدوای خوێندنەوەیەکی یەکجار زۆر و لە دوای تێگەیشتنێکی تا بڵێی ڕەوایانە *فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمانی فریدریک وڵیام نیچیە دەڵێت؛ ( ئەوەی لە ژیانماندا دێتە سەر ڕێمان و توشی دەبین، ئەگەر نەمان کوژێت دڵنیابن توانا و هێزمان پێئەبەخشێت بۆ هەڵمژینی هەناسەی داهاتوو).* لێرەدا نیچیە مەبەستی لەوەیە، کە لەکاتێکدا مرۆڤ توشی شکستی دەبێت هیچ پێویست ناکات سەری نزم ڕابگرێت و بڵێت ئیتر تەوا و من ناتوانم لەمە زیاتر. *مرۆڤ لەوە بەتواناترە، کە بتوانێت کێشەکانی چارەسەربکات*. ئەمەش تەنها لە ڕێگای ئاخافتن و قسەکردن و لێدوانەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە بەرزڕاگرتنی بودا و پێزانینی سودبەخشینێکی بێکۆتاییە بە خودی مرۆڤ خۆی.

بودا ئەو پیاوە ڕیشسپییە پاکە بووە، کە بەکوردی خۆمان پێی دەڵێین شێخ یاخود کەسێکی پیرۆز و نورانی. ئەم کابرایە هێندە شکۆمەند بووە لە ساڵەکانی پێنج سەدی پێش زاینیدا، کە لەو زەمانەدا ژیاوە زۆربەی زۆری مرۆڤەکان چون بۆ سەردانی و داوای ئامۆژگارییان لێکردووە. هەر لە کەسایەتییە گەورە و باڵادەستەکانەوە بیگرە هەتا ماسیگر و بازرگان و زانا گریکەکان. بێجگە لەمانەش زانا و فەیلەسوفەکان زۆر گرنگیان پێداوە، وەک زانای چینی (کۆنفۆشیوس و لەۆ تزو)، زانایانی گریکی ( فیساگۆرس و هیراکل) وە زانای فارسی ( زاراتوسترا).

لێرەدا دەتوانم بڵێم، کە ئایینی بودی زیاتر گرنگیداوە بە بابەتەکانی وەک دەروونناسی و چۆنێتی تێگەشتنی ڕفتاری یەکتری لەنێوان مرۆڤدا. دیارە ئەم ئایینە لەبری ئەوەی گرنگی بدات بە ڕازیکردنی

مرۆڤ لە کاتەکانی دردۆکی و هەوڵدانیدا بۆ زانیاری زانین دەربارەی هاتنەکایەی جیهان و سروشتی خودای دینەکانی تر، لەجێگای ئەوە ئایینەکە زیاتر تیشکی خستۆتە سەر چۆنێتی گوزەرانکردنی مرۆڤ. بەتایبەتی تیشکی خستۆتە سەر دەردو ئەشکەنجە و بێهیواییان لە ژیاندا، بۆیە بیروباوەڕ و تیۆرییەکانی ئاینەکە زیاتر لەسەر بناغەی چارەسەرکردنی دەروونی و ناخی مرۆڤ چەسپبووە، نەک لەسەر بەشی دەرەکی و فیزیکی مرۆڤ، بۆ زیاتر تێگەیشتنیش لە ناوەرۆکی دیینەکە، بودا بەر لە کۆچکردنی بوداپەرستەکانی فێری چۆنێتی ئەنجامدانی (مێدیتاسیۆن) کرد.

وێنەی مرۆڤێک، کە سەرقاڵی ئەنجامدانی مێدیتاسیۆنە لە بەرزای و قەراغ کەناری دەریایەک.



مێدیتاسیۆن:

مێدیتاسیۆن؛ بە واتای خاڵی کردنەوەی مێشک دێت لە هەموو جۆرە بیر و باوەڕ و سەرقاڵییەکی ژیان، بڕوا ناکەم کەسێک هەبێت ئەم شێوازە کردارەی نەبینیبێت، بەتایبەتی لە فیلمی ژاپۆنیدا بەدی دەکرێت. مێدیتاسیۆن چەند جۆرێکی هەیە لەوانە ( زین و میدیتاسیۆنی ئاسایی). لێرەدا من تەنها تیشک دەخەمە سەر بەشە ئاساییەکەی.

لە کاتی ئەنجامدانی میدیتاسیۆندا مرۆڤ دەبێت بەتەنیا بێت و چواردەوری زۆر هێمن و ئارامبێت. بکەری میدیتاسیۆنەکە دەبێت چوارمشقی دابنیشێت. وە پشتیشی ڕێک بووەستێنێت و هیچ قوپانەوە و چەماندنەوەیەک لە بەشی دواوەی لەشیدا بەدی نەکرێت. مرۆڤەکە یان دەبێت پرچی کورت بێت، یاخود ئەگەر کورتیش نەبوو دەبێت پرچی کۆبکرێتەوە بۆ ئەوەی بێزاری نەکات. دواتر دەستی چەپ دەخرێتە سەر ڕانی چەپ و دەستی ڕاست لەسەر ڕانی ڕاست دادەنرێت. بەڵام دەبێت سەری پەنجەی شایەتمان و پەنجەگەورە بنوسێنرێت بەیەکەوە، تا پێکەوە بازنەیەکی خڕی بچوک لە شێوازی ئەڵقەیەکی هاوسەرێتیدا دروست دەبێت. کە ئەم شتانە ئەنجام درا دواتر بکەری مێدیتاسیۆنەکە دادەنیشێت و چاوی دەبرێتە خاڵێک لە دورەوە و هەوڵ ئەدات مێشکی خاڵی بکاتەوە لە کێشە و ژیانی ڕۆژانە و ئەشکەنجە و ئازارەکانی. لەم ساتانەدا تاکە کەسی ئەنجامدەر دەبێت بە بەشێک لە سروشت و گوێ بۆ مۆسیقای سروشت و ئارامی پەرندەکان هەڵدەخات و هەوڵ ئەدات بگات بە ( نێرڤانا)، کە وشەکە ژاپۆنییە و بەواتای گەیشتن بە سروشت و مێشک سافکردن دێت، ئەمەیش لە ئەنجامی دامرکاندنی ئاگری ئارەزووەکانی نەفسەوە بەدەست دێت، کە مرۆڤ ئەگەیەنێتە

بەختەوەری ئەودنیا، تا مرۆڤەکە وای لێدێت، کە ئیتر دەچێتە جیهانی هۆنراوە و هێمنییەوە و هەست بە ئاسودەییەکی زۆر دەکات.
دیارە وەرزشی ( یوگا )، کە بەواتای ماسولکە خاوکردنەوە و حەوانەوە پێکردن دێت لە میدیتاسیۆنەوە هاتووە و وەک ڕونمکردەوە میدیتاسیۆن فەلسەفەیەکی ئایینیە و بودا داهێنەرییەتی.

لەدوای کوچکردنی بودا، ئایینی بودی دەبێت بە دوو بەشی سەرەکیەوە:

1. هینایانە :
ئەم وشەیە ژاپۆنییە و بەواتای ( کەشتی بچوک دێت )، ئەمەش خۆی لە خۆیدا قوتابخانەیەکی ئایینی توندڕەوە، کە دەبێت ئەو کەسانەی لەوێ دەخوێنن تەنها ئەوە بکەن، کە لەناو پەڕتووک و پەڕتووکەکانی ئایینی بودیدا نوسراوە، ئەنجام نەدانیشی سزای بە دواوەیە. وشەی کەشتی بچوک لەو بیر و باوەڕەوە هاتووە، کە پێیان وایە ژیان کەشتییەکی بچوکە و ئەوەی لەناو کەشتی و باریکی پەڕتووکەکاندا تۆمار نەکرابێت بوونی نییە. ئەمەش لە وڵاتەکانی تایلاند و دەوروبەری باوە.

2. مەهایانە:
ئەم وشەیە ژاپۆنییە و بەواتای ( کەشتی گەورە دێت )، ئەمەش بە هەمان شێواز قوتابخانەیەکی ئایینیە و بە پێچەوانەی هینایانە، زیاتر گرنگی ئەدات بە کرداری مرۆڤایەتی و شێوازی زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر کێشەکانیدا. واتە سەربەخۆی کلیلی قوتابخانەکەیە. بێگومان ئازادیش بەشێکە لە بیروباوەڕیان. ئەم بەشەش لە وڵاتەکانی ( چین و ژاپۆن و تیبت ) گرنگی پێدەدرێت.

لە وڵاتی هیندستان، کە دینی هندی زۆر باو بوو، لەگەڵ هاتنی ئایینی بودیدا یەکڕاست ئاینەکە لەلایەن خودای زۆرە سەرە ( ڤیشنو ) کپ کراو زیاتر پەرەدرا بە ئایینی هیندی.

بەڵام کپکردنی بودی لە هیندستان نەبووە هۆی نەهێشتنی دینەکە و بگرە ئایینەکە کەوتە بڵاوبونەوە و زیاتر مەهایانە ناوبانگی گەیشتە زۆر شوێنی جیهان. لە ناوچەکانی تایبەت بە خۆیدا گەورەترین بواری ڕەخساندووە بۆ چۆنێتی تێگەیشتن لە سایکۆلۆژی و بار و ئاکارەکانی دەروونی مرۆڤ. مەبەست لەم گرنگی پێدانەش ئەوەیە، کە مرۆڤ لە ڕێگای ئەنجامدانی میدیتاسیۆن و ئاخافتنەوە بتوانێت شاخە سەختەکانی بێتوانایی و تێنەگەیشتن ببڕێت و بگاتە ئەو جیهانەی، کە هەموو مرۆڤێک لە خەونەکانیدا وەک ئاسمانێکی پاک و سپی و بێگەرد دێتە پێش چاوی. ئەمەش بەیابانی پێی دەوترێت گەیشتن بە ( ئەسینتی ).

یەکێک لە هەرە ڕستە بەنرخەکانی بودا لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ ناو خەڵکەکەی لە دوای حەوت ساڵ تەنیایی و بێدەنگی وتی؛ لەدوای حەوت ساڵ گەڕانم بەدوای هۆکاری ڕوداوەکانی ژیاندا پێموایە تێگەیشتوم (کە هەموو شتێک شایەنی ڕودانە و لە کۆتایشدا بەسەردەچێت )!

بۆیە بودا دەڵێت؛ ئێمەی مرۆڤ کاتێک تووشی ئازار و ئەشکەنجە دێین، کە خۆمان بە ترادیسیۆن و کەلتور و دابوونەریتە دەستکردییەکانی مرۆڤەوە ئەبەستینەوە و ئەیانکەین بە بەشێک لە بوونی خۆمان، ئەوە دڵنیابن هەتا ئەمرین ئەمانکات بە خاوەن و ماڵی خۆی و لە کۆتایشدا لە چنگێک خۆڵ زیاتر هیچی تر نین، کە ئەمڕۆ بێت یان سبەی ڕۆئەچین بە ناخی زەویدا ! بەمەش دەڵێت ( مایا).

دواتر دەڵێت؛

لەوەش تێگەیشتم، کە ئەگەر قەدری خۆمان لابێت ژیان زەردەخەنەیە و زەردەخەنەش ژیان، ( بەڵام خۆت بپارێزە لە چاوەڕوانی و هەرگیز چاوەڕێ مەکە زەردەخەنە بێت بۆلات، بەڵکە خۆت بڕۆ بۆلای)

ئەو دەڵێت؛ کاتێک لە دارستانەکە بە تەنیا خۆم و جریوەی چۆلەکەکان بوونمان هەبوو، لەگەڵ کردنی هەموو میدیتاسیۆنێکمدا تێگەیشتم، (کە ژیان بۆشاییەکی سەرسەختە، مرۆڤەکان بەدەستی خۆیان چوارچێوەیەکیان بۆ دروست کردووە و زیندانیان کردووە)، چەند میر و ئاغایەکیشیان کردووە بە سەرۆک و سەرکردەی خۆیان، بەڵام لە ڕاستیدا سروشتی ژیان نە پێویستی بە خودای سەر زەمین هەیە و نە سەرکردەیەک، کە فرمان بکات بەسەر زیندەگیدا. دواجار ئێمە دەبێت بەر لە هەموو شتێک دەستی یارمەتی بۆ خۆمان ڕابکێشین و داوای یاریدە لە خۆمان بکەین، لێ ئەگەر ئێمە دەست بۆ ژیان ڕابکێشین و داوای بەزەیی لەو بکەین هیچی جیاوازنییە لەوەی، (کە بە قولاپێکی ماسی گرتن هەوا ڕاوبکەین!)

بۆیە منیش دەڵێم، ئەگەر مرۆڤ بەر لە هەموو هەناسەدانێکی بڕوای بە خۆی نەبێت، ئەوا بەر لە هەموو دەستێکی چەپەڵ ڕۆحی خۆی خستۆتە زینجیرەیەک لە تاوانەوە!

دیسان بودا دەفەرموێت؛ ئێمەی مرۆڤ لە ئەنجامیشدا هەر پرسیارێک بکەین لەگەڵ وەرگرتنی وەڵامدا پرسیارێکی نوێ لە دایک ئەبێت و لەگەڵ ئەنجامدانی هەر کردارێکدا کرداری نوێ دێتە پێشەوە، بۆیە لاواز مەبە لە ناکۆتایی و نەگەیشتن بە سەراب و بەردەوام دەمت پڕبێت لە پرسیار! چونکە بێزاری جۆرێکە لە جۆرەکانی دروستکردنی ئازار و ئەشکەنجە و نائومێدی! بەمەش دەڵێن ( سەمسارا) و بەواتای نەگەیشتن بە کۆتایی دێت.

کەواتە بودا دەڵێت؛ ئەگەر ڕۆژێک بیرت چو نان بخۆیت، ئەوا لە بری ئەو ژەمە تامێکی سروشت بکە، هەوایەک هەڵمژە و تەنها سوپاسی خۆت بکە بۆ ژیانەوەت. دواتر سەرێک بکە بە ماڵی میدیتاسیۆندا و خۆت بگەیەنەرە تەبەقەکانی پاکبونەوەی بیر و چاوێک بخشێنە بە قوژبنەکانی بێدەنگیدا. خۆت بە تەنافەکانی ئاسودەیدا هەڵبواسە و لەوێ خۆت بگەیەنەرە ( نێرڤانا).

بودا لە ساتەکانی سەرەمەرگدا سوپاسی ئەو کەسانە دەکات، کە گوێی بۆ دەگرن. ئەو دەڵێت؛

( گوێگرتن واتا فێربوون، فێربوونیش واتا ژیان )

بودا بەر لە کۆچکردنی بە خۆی و ڕیشێکی ئاوریشمییەوە لەیەکێک لە دوا ڕستەکانیدا ئاماژە بەوە

دەكات، كە كاتێك وێنەی ڕاستەقینەی ژیانی بینی، هەستی كرد ( كە ڕوخان و ڕمان لە ناو هەموو شتێكی دژوار و لێكدراودا هەیە، بۆیە لەدوای ڕمان دەست هەڵمەگرن لە هەڵمەتی تێگەیشتن لە ژیان) !!

لە دوای مردنیشی، خەڵكەكە هێندە لێی ڕازیدەبن چەندان پەیكەر و وێنەی ئەو كەسایەتییە بەكرد و دروستكردن ئەدەن و ڕۆژانە ستایشی دەكەن بۆ گەیاندنی بەهرەكانی بە خەڵك.

بودا لە تەمەنی 80 ساڵیدا چاوەكانی لێكدەنێت و لەباتی جەستەی ڕۆحێك جێدەهێڵێت پڕ لە میهر و بیروباوەڕێكی سروشتی، كە هەتا باڵدار لە شەقەی باڵبدات نامرێت.......

---

تێبینیی: ئەم بابەتە لە بڵاوكراوەكانی هەفتەنامەی چاودێر ژمارە ( 124)، دووشەممە ڕێكەوتی 2007/4/30 بڵاو كراوەتەوە لە سلێمانی.

<u>سەرچاوەكان</u>

هەندێك زانیاریم لە خوێندنەوەی وتار و گفتووگۆی دینییەوە وەرگرتووە بە زمانی فەڕەنسی.

بە زمانی فەڕەنسی. Qu’est ce que la Bouddism

بە زمانی فەڕەنسی. le Hinayana et le Mahayana

بە زمانی فەڕەنسی. Le Centre Zen Dana est situé aux portes de Paris, à Montreuil

” Buddhisme tanker og livsformer”

نوسینی پەڕتووك بە زمانی دانیماركی لەلایەن نوسەران:

( Jens Bruun – Christian Lindtner – Peter Boile Nielsen )

*2007*